# پوختەیەک دەربارەی

# حەج و عومرە

www.dangiislam.org
دەنگی ئیسلام

ئامادەکردنی: باوکی ئەبان

هەڵچنینی ڕێنووس: باوکی میرۆ

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ئاشتی

تورکوو - فینلەندا

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

## پێشـــــــــەکی

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين.

ئەم نامیلکەی بەردەستان پوختەیەکە دەربارەی ڕێوڕەسمەکان (مناسک)ی حەج و عومرە لە سۆنگەی شوێنکەوتن و پیادەکردنی کردار و گوفتارەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلى الله عليه وعلى آله وسلم).

هەروەها بە شێوەیەک کورت کراوەتەوە کە بابەتە سەرەکی و گرنگەکان لەبیر نەکرابن و سەرەڕای ئەوەش نەبووبێتە مایەی ئاڵۆزی و سەختی بۆ تێگەیشتنیان. لە کاتی پێویستیشدا ئاماژە بۆ ڕا و بۆچوونی جیاوازی زانایان لەسەر چەندین مەسەلە کراوە.

لە خوای پەروەردگار دەپاڕێمەوە کە لە هەر هەڵە و کەموکووڕییەکی ئەم نامیلکەیەم خۆش بێت و ببێتە توێشوو و زاد بۆ ڕۆژی میعاد.

باوکی ئەبان

شیشەڵانی ١٤٢٧ی کۆچی

تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ی ز

www.dangiislam.org دەنگی ئیسلام

## پێناسەی حەج

پیتی (ح) لە وشەی (حـج)دا سەری بۆ دادەنرێت؛ دەکرێت ژێریش بێت، بەڵام ناوێزەیە.
حەج لە لایەنی زمانەوانییەوە نیاز و مەبەست دەگەیەنێت.
بەڵام لە لایەنی شەرعییەوە ڕۆیشتن و بەڕێکەوتنە بەرەو ماڵی خوا (بيت الله الحرام) و چەند شوێنێکی دیکە بۆ بەجێهێنانی چەند عیبادەتێکی تایبەتی لە کاتێکی سنووردار و بە شێوەیەکی دیاریکراو.

## حوکمی حەج

حەجکردن فەرزی عەینە لەسەر هەموو پیاو و ژنێک کە تەکلیفی شەرعییان لەسەرە؛ بەومەرجەش کە توانایان هەبێت و تەنها جارێک لە ژیانیاندا واجیبە لەسەریان. هەروەها ڕوکنێکیشە لە ڕوکنەکانی ئیسلام.

## ئایا دەتوانی بەبێ عوزری شەرعی حەج دوا بخەی؟

ڕای زۆربەی زانایان لەوانە (أبوحنيفة، مالك، احمد، أبو يوسف) لەسەر ئەوەیە کە هەرکەسێک مەرجەکانی واجبوونی حەجی تێدا هاتە دی، دەبێ یەکسەر بەبێ دواخستن حەج بکات ئەگینا گوناهبار دەبێت. بەڵام بە ڕای ئیمامی شافعی و هەندێک لە سەلەفی ساڵح، ئەو کەسەی کە حەج دوا بخات، گوناهبار نابێت با تواناشی هەبێت بەڵام بەمەرجێک نیازی هەبێت کە لە داهاتوودا حەجەکەی بکات. مەرجەکانی واجبوونی حەجیش ئەمانەن: موسوڵمان، عاقڵ، باڵغ و ئازاد بێت و هەروەها توانای حەجکردنی هەبێت.

## فەزڵەکانی حەج

١- گوناهەکانی پێشوو لەناو دەبات و نایانهێڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) بە (عمرو بن عاص)ی فەرموو: "**أما علمت أن الإسلام يهدم ما قبله، وان الهجرة تهدم ما قبلها، وان الحج يهدم ما قبله.**"

٢- ئەوەی حەجی کرد، خۆی دەرباز کرد لە ئاگری دۆزەخ؛ لە دایکی موسوڵمانان عائیشە -خوا لێی ڕازی بێت- دەگێڕدرێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) فەرموویەتی: "**ما من يوم أكثر أن يعتق الله فيه عبدا من النار من يوم عرفة، وإنه ليدنو ثم يباهي بهم الملائكة.**"

www.dangislam.org دەنگی ئیسلام

٣- پاداشتی حەج بەمسۆگەری بەهەشتە: ئەبووهورەیرە -خوا لێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) فەرموویەتی: "**العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما، والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة.**"

## حاڵەتی ئەو ژنەی کە بەبێ مەحرەم حەج دەکات

بە ڕای هەندێک لە زانایان وەکوو (أبو حنيفة، احمد إبن حنبل) نابێت ئافرەت بەبێ مێردەکەی یاخود بەبێ یەکێک لە مەحرەمەکانی حەج بکات. ئەگەر هیچ کەسێکی لەوانە نەبوو، حەجی لەسەر واجب نابێت. بەڵام بە ڕای ئیمامی شافعی و مالیک مەرج نییە ئافرەت مەحرەمی لەگەڵ بێت بۆ حەجی فەرز، بەڵام دەبێ دڵنیا بێت لە ڕێگاوبان و لەو کۆمەڵە ئافرەتەی هاوڕێیەتی دەکەن بۆ حەج.

## حەجکردن لەجیاتی مردوویەک کە بە واجبی حەج هەڵنەسابێت

بە ڕای ئیمامی شافعی، ئیمامی ئەحمەد و کۆمەڵێک لە سەلەفی ساڵح دەبێ مردوو بەو پارەی کە لە پاشی بەجێ ماوە، حەجی بۆ بکرێت جا ئەگەر وەسیەتی کردبێت یاخود وەسیەتی نەکردبێت. هەروەها دەکرێت یەکێک لەوانەی کە نزیکە لە مردووەکە لەپێناوی خوای گەورە حەجی بۆ بکات. بەڵام ئەبووحەنیفە و مالیک ڕایان وایە کە بەبێ وەسیەتی مردووەکە حەجی بۆ ناکرێت.

## حەجکردن بە پارەی حەرام

ئەگەر یەکێک بە پارەی حەرام حەجی کرد یاخود بە ترومبێلێکی غەسبکراو سەفەری کرد بۆ حەج، ئەوا گوناهبارە، بەڵام حەجەکەشی تەواوە و دامەزراوە؛ چونکە ڕێوڕەسمەکان (مناسک)ی حەج تایبەتە بە هەندێک کردار و عیبادەتی دیاریکراو و ئەو حەرامەش لە دەرەوەی ئەم کردار و عیبادەتانەیە. ئەمە بە ڕای زۆربەی زانایان تەنها ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل نەبێت کە ڕای وایە ئەم حەجە ئەگەر بە پارەی حەرام بێت، تەواو نییە و دانەمەزراوە.

www.dangiislam.org دەنگی ئیسلام

## میقاتەکان

میقاتەکان دەکرێنە دوو بەش:

١. میقاتی کاتی: مەبەست لەم میقاتە ئەوەیە کە کاروباری حەج دەبێ تەنها لەو سێ (٣) مانگەی کە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دیاری کردووە، جێبەجێ بکرێت ئەگینا حەج دانامەرزێت و قبووڵ نابێت. ئەو مانگانەش پێک هاتوون لە (شوال، ذو القعدة و ذو الحجة).

٢. میقاتەکانی شوێنی: ئەمانەش بریتین لە پێنج (٥) شوێن کە شەرع دیاری کردووە بۆ ئیحرامبەستن. هەروەها واجیبە بەر لەوەی لە یەکێک لەم شوێنانە تێپەڕ بێت، نییەتی ئیحرامبەستنی هێنا بێت. شوێنەکانیش ئەمانەن:

١. ذوالحلیفة: بۆ خەڵکی مەدینە
٢. الجحفة: بۆ خەڵکی شام، میسر و مەغریب
٣. قرن المنازل: بۆ خەڵکی نەجد
٤. یلملم: بۆ خەڵکی یەمەن
٥. ذات العرق: بۆ خەڵکی عێراق و مەشریق

**تێبینی**: بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵکی هیچکام لەم وڵاتانەی سەرەوە نین، دەبێ هەرکاتێک نزیک بوونەوە لە یەکێک لەم میقاتانەی سەرەوە نییەتی ئیحرامبەستن بهێنن. هەروەها ئەوانەی کە بە فڕۆکە دێن، با لەناو فڕۆکەوە نییەتی ئیحرامبەستن بهێنن لەو کاتەی کە دەگەنە سەر یەکێک لەو میقاتانەی لە سەرەوە باس کران.

## شێوە و جۆرەکانی ئیحرامبەستن بۆ حەج و کامیان باشترین شێوەیە

شێوەکانی ئیحرامبەستن بۆ حەج سێ (٣) جۆرە:

١- الإفراد ٢- القیران ٣- التمتع

بێ گومان حەجکردن بە هەریەکێک لەم جۆرانەی سەرەوە دروستە، چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلی آله وسلم) هاوەڵەکانی خۆی سەرپشک (مخیر) کرد کە دەتوانن بە هەریەکێک لەم سێ جۆرە حەجەکەیان بکەن. بەڵام زانایان ڕا و بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوەی کام شێوە لە هەمووان باشترە. (شیخ الإسلام) دەفەرموویت: ١ـ ئەگەر هەرکەسێک لەپێش هاتنی مانگەکانی حەج، عومرە بکات ئینجا سەفەری دووەم بکات بۆ حەج، ئەوە لەم حاڵەتەدا (إفراد) باشترە لە (قیران) و (تمتع). لەبەر ئەوەشە کە هەر سێ خەلیفەی موسوڵمانان ئەبووبەکر، عومەر و عەلی -خوا لێیان ڕازی بێت- بەم شێوەیە حەجیان دەکرد.

www.dangiislam.org

٢ـ بەڵام ئەگەر ویستی حەج و عومرە لە یەک سەفەردا کۆ بکاتەوە و قوربانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا (قیران) باشترە؛ هەروەکوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) بەم شێوەی کرد.
٣ـ بەڵام ئەگەر حەج و عومرەی کۆ کردەوە و لە مانگەکانی حەج هات بۆ (مكة) و قوربانی لەگەڵ خۆ ی نەهێنابوو، ئەوا (تمتع) باشترە.

## چی پێویستە لەسەرت بەر لەوەی سەفەری حەج بکەیت؟

ئەگەر نییەتی حەجت هێنا و عەزموجەزمت کرد، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پیادە بکە:
١. تەوبەی نەسوح بکە لە گشت گوناهی گەورە و بچووک.
٢. ئەگەر حەقی خەڵکت بەسەرەوە هەبوو، بە زووترین کات بیانگێڕەوە بۆ خاوەنیان.
٣.  ئەگەر قەرزار بوویت، بەگوێرەی توانا قەرزەکەت بدەوە.
٤. دایک و باوکت لەخۆت ڕازی بکە.
٥. خزم و کەس و دراوسێ ڕازی بکە و گەردنی خۆتیان پێ ئازاد بکە.
٦. نەفەقە و بژێوی پێویست بۆ ماڵ و منداڵت بەجێ بهێڵە.
٧. پێویستییەکانی سەفەرەکەت با هەمووی لە ڕزقی خاوێن و حەڵاڵ بێت.
٨. هاوڕێی چاک هەڵبژێرە، بەتایبەتی ئەگەر گونجا با لە پێڕی زانایانی لەخواترس بن.
٩. پابەند بە بەهەموو ئادابی سەفەر و لە مانگەکانی حەجدا سەفەر بکە.

## ئیحرامبەستن

هەرکاتێک گەیشتیت بە (میقات)، خۆت جوان بشۆ هەروەکچۆن غوسڵی جەنابەت هەڵدەگریت. ئینجا پیاوان جلوبەرگی ئیحرام لەبەر دەکەن و ژنانیش بە ئارەزووی خۆیان جلێکی شەرعی لەبەردەکەن. هەروەها پیاوان و ژنان بۆنی خۆش لە خۆیان دەدەن[1]. ئینجا ئەگەر کاتی نوێژی فەرز بوو، نوێژ دەکەن، ئەگینا دوو ڕکات نوێژی سوننەتی دەستنوێژ دەکەن. ئینجا سواری سەیارە دەبن و (الحمد الله والله اكبر) دەکەن و ڕوو لە قیبلە دەکەن و دەڵێن: (لبيک اللهم عمرة).
بەڵام ئەوانەی بە فڕۆکە هاتوون، دەبێت زووتر خۆیان ئامادە کردبێت و بە گەیشتنی فڕۆکە بۆ سەر (میقات)، یەکسەر نییەتی ئیحرامبەستن بهێنن. ئینجا پیاوان بە دەنگی بەرز (تلبية) دەکەن و

[1] ئاگادار بە! دوای ئیحرامبەستن، بۆن-لەخۆدان دروست نییە بە ڕای سەرجەمی زانایان وەکوو (نووی) لە "مجموع"دا بۆی نەقڵ کردووین. بەنیسبەت سنووری بۆن-لەخۆدانی ئافرەت بەر لە ئیحرامبەستن، لە دایکی موسڵمانان عائیشە -خوای لێ ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە: "كنا نخرج مع النبي (صلى الله عليه وعلى آله و سلم) الى مكة، فنضمد جباهنا بالسك المطيب عند الإحرام، فإذا عرقت إحدانا سال عليه وجهها فيراه النبي (صلى الله عليه وعلى آله و سلم) فلا ينهانا .[صحيح، أخرجه أبو داود (١٨٣٠) والبيهقي (٤٨/٥)].

www.dangiislam.org
دەنگی ئیسلام

ژنانیش بە قەدەر ئەوەی کە ژنی تەنیشت خۆی گوێی لێ بێت؛ (تلبية)ش بەم شێوەی خوارەوە دەکرێت:
(لبيک اللهم لبيک، لبيک لا شريک لک لبيک، إن الحمد والنعمة لک والملک لا شريک لک).
بەردەوام ئەو (تلبية) دەکرێت بەتایبەتی لە گۆڕانکاریی شوێنی و کاتیدا[1]. کاتی ڕاگرتنیشی بەر لە تەوافکردن بۆ ئەوانەی عومرە دەکەن کە شێوەی (تمتع)یان هەڵبژاردووە. ئینجا بەرەو شاری (مكة) بەڕێ دەکەوێت.

## چۆنێتیی بەجێهێنانی (طواف القدوم) یاخود (طواف العمرة)

بە گەیشتنی بە شاری (مكة) خێرا بەرەو (مسجد الحرام) بەڕێ دەکەوێت و هەوڵی دەستلێدان واتا (دەستلێخشاندن) و ماچکردنی بەردەڕەشەکە (الحجر الأسود) دەدات؛ یاخود دەستی لێ دەدات و دەستی خۆی ماچ دەکاتەوە. هەروەها دەتوانێت سوژدەی لەسەر ببات. ئەگەر ئەم کارانە زەحمەت بوو، لە دوورەوە بە دەستی ڕاست ئاماژەی بۆ دەکات و (ألله اكبر) دەکات و لەم حاڵەتەدا دەستی خۆی ماچ ناکات. باشترە خۆی و خەڵکی ئازارت نەدات ئەگەر ئەم دەستلێدانە زەحمەت بوو. پاشان دەست دەکات بە یەکەم تەواف و کەعبە دەخاتە دەستی چەپی خۆیەوە و کە گەیشتە (ركن اليماني) ئەگەر توانی تەنها دەستی لێ دەدات، ئینجا لەنێوان (ركن اليماني و الحجر الأسود)دا دەڵێت: (**ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار**). ئینجا کە گەیشتنەوە (الحجر الأسود)، بەم جۆرە خولی یەکەمی تەواو کرد، ئینجا بەم شێوەی سەرەوە حەوت خولەکە تەواو دەکات. هەروەها پێویستە تەنها بۆ پیاوان لەم حەوت خولە و تەنها لەم تەوافەدا (اضطباع)[2] بکەن و لە سێ خولی یەکەمدا (رمل)[3] بکەن. لەدوای ئەوە دوو ڕکات نوێژی سوننەت دەکات لەپشت (مقام إبراهيم)؛ لە ڕکاتی یەکەمدا سوورەتی ( الكافرون) و لە ڕکاتی دووەمدا سوورەتی (الإخلاص) دەخوێنێت. ئینجا بەرەو ئاوی زەمزەم دەڕوات و تێرتێری لێ دەخواتەوە و دەشتوانێت بەسەری خۆیدا بکات. لە کۆتاییدا بۆ (الحجر الأسود) دەگەڕێتەوە و دەستی لێ دەدات ئەگەر ئاسان بوو. بە درێژاییی ماوەی هەر حەوت خولەکە بە ئارەزووی خۆی دوعا دەکات، چونکە دوعای تایبەتی لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) نەگێڕدراوەتەوە.

[1] مەبەست لە گۆڕانکاریی شوێنی: سەرکەوتن و دابەزینە، بەڵام گۆڕانکاریی کاتی وەکوو گۆڕانی شەو و ڕۆژە.

[2] (اضطباع): ناوەڕاستی بەشی سەرەوەی جلی ئیحرام بخاتە بنەنگڵی لای ڕاست و بەشەکەی تر بخاتە سەر شانی چەپی.

[3] (رمل): خێراڕۆیشتن و هەروەلەکردن بە هەنگاوی لەیەك نزیك.

## چۆنێتیی بەجێهێنانی (الصفا وَالمرْوَةَ)

کە گەیشتە (الصفا)، ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە: (**إن الصفا والمروة من شعائر الله فمن حج البيت أو اعتمر فلا جناح عليه أن يطوف بهما ومن تطوع خيرا فإن الله شاكر عليم**). ئینجادەڵێت: (**ابدأ بما بدأ الله به**). پاشان دەچێتە بەرزاییی (الصفا) و ڕوو لە کەعبە دەکات و دەڵێت: (**لا اله إلا الله، وحده لا شريک له، له الملک وله الحمد، وهو على كل شئ قدير، لا اله إلا الله وحده، أنجز وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده**). ئینجا نزا و پاڕانەوە و دوعای تایبەت بۆ خۆی و بۆ موسوڵمانان دەکات. ئینجا تاکوو سێ جار بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. پاشان بەرەو (المروة) بەڕێ دەکەوێت و لەنێوان هەردوو ئاڵای سەوزدا پیاوان بەخێرایی دەڕۆن. کە گەیشتە (المروة)، ئەو کردار و گوفتارانە دەکاتەوە کە پێشتر لە (الصفا) کردبوونی. ئەوە پێی دەگوترێت خولێک (شوط). ئینجا بەبەردەوامی حەوت (٧) خول دەکات و دوایین خول لە (المروة) کۆتایی پێ دێنێت. لەم خولانەش بە ئارەزووی خۆی دوعا و پاڕانەوە دەکات.

## کۆتاییهاتنی عومرە بە کۆتاییهاتنی ئیحرام

لەدوای هاتنەدەرەوەی لە (المروة)، بە مووس سەری خۆی دەتاشێت یاخود کورتی دەکاتەوە؛ لێرە کورتکردنەوە باشترە، چونکە کاتی حەج ماوەیەکی زۆری نەماوە. بەڵام بۆ ژنان بە قەدەر سەری پەنجە پرچیان قوت دەکەن. ئینجا جلوبەرگی ئیحرام لەبەر خۆی دادەکەنێت و هەموو شتێکی بۆ حەڵاڵ دەبێت کە پێشتر لەبەر ئیحرامبەستن لەسەری حەرام کرابوو و چاوەڕوانی هاتنی یەکەم ڕۆژی حەج دەکات.

## ڕۆژی (ترويـة)

ڕۆژی (تروية) واتە ڕۆژی هەشتەم لە مانگی (ذو الحجة) هەروەکچۆن کاتی خۆی بۆ عومرە ئیحرامی بەست، بەڵام ئەمجارە لە (مكة)وە و لە ماڵی خۆی ئیحرام دەبەستێت و دەڵێت: (لبيک اللهم بحجة) و دەست دەکات بە (تلبية)کردن. ئەگەر لەوە ترسا کە حەجەکەی بۆ تەواو ناکرێت لەبەر هەر هۆیەک، دەتوانێت مەرجێک دابنێت و بڵێت: (**وإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني**). ئینجا لەدوای ڕۆژهەڵات بەڕێ دەکەوێت بۆ "مینا" و هەر لە "مینا"ش نوێژەکانی نیوەڕۆ، عەسر، ئێوارە، عیشا و بەیانیی ڕۆژی دواتر بە کورتکردنەوە (قصر) دەکات بەبێ کۆکردنەوە (جمع).

www.dangiislam.org

## ڕۆژی عەرەفە

ڕۆژی عەرەفە ڕۆژی نۆیەمی مانگی (ذو الحجة)یە و لە (مینا) نوێژی بەیانی کرا. ئینجا لەدوای ڕۆژهەڵات لە (مینا)وە بەڕێ دەکەوێت بۆ (عەرەفە). ئەگەر زوو گەیشت و بۆی گونجا لە مزگەوتی (نمرة) لادەدات و تاکوو (زوال)[١] دەمێنێتەوە. ئینجا لەدوای (زوال) نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بە (قصر وجمع) دەکات بە (تقدیم) و بە یەک بانگ و بە دوو قامەت لەگەڵ ئیمام؛ نوێژی سوننەتیش ناکات. لەدوای ئەوە گرنگترین عیبادەت کە خۆی بۆ ئامادە بکات، دوعا، نزا و پاڕانەوە و یادی خوای گەورەیە (ذکر) لەژێر کێوی (الرحمة)[٢] و ڕوو بکاتە قیبلە و دەستەکانی بەرز بکاتەوە. بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاکوو ڕۆژ ئاوا دەبێت. ئنجا زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆیی عەرەفە بەجێ دێڵێت و بەرەو (مزدلفة) بەڕێ دەکەوێت. نوێژی ئێوارە (مغرب)یش لە عەرەفە ناکات.

## مانەوەی شەوێک لە (مزدلفة)

بە گەیشتنەوەی بۆ (مزدلفة)، نوێژی مەغریب و عیشا پێکەوە کۆ دەکاتەوە؛ واتا بە (قصر وجمع) بە یەک بانگ و دوو قامەت و بەبێ کردنی نوێژی سوننەت. پاشان ئەو شەوە تاکوو نزیک بانگی بەیانی دەخەوێت و شەونوێژ ناکات. پاشان نوێژی بەیانی لە سەرەتای کاتی خۆی دەکات بە بانگ و قامەتەوە. ئینجا لەسەر (مشعر الحرام)[٣] ڕادەوەستێت بە دوعا، (الله اکبر) و (لا اله إلا الله) تاکوو دونیا ڕووناک دەبێتەوە و بەر لە دەرکەوتنی ڕۆژ بەرەو (مینا) دەگەڕێتەوە. ڕوخسەتیش دراوە بۆ لاواز (ضعیف) و نەخۆشەکان لە ژن و پیاو لەدوای نیوەشەو کە مانگیش بزر دەبێت، (مزدلفة) بەجێ بهێڵن.

## ڕۆژی قوربانی

ڕۆژی قوربانی دەیەم ڕۆژی (ذو الحجة)یە کە پێی دەگوترێت (یوم الحج اکبر) و هەروەها (یوم النحر)یشی پێ دەڵێن. بەر لە هەڵهاتنی ڕۆژ لە (مزدلیفة)وە دەگەڕێتەوە بۆ مینا (منی) و لە دۆڵی (محسر)[٤]دا بەخێرایی دەڕوات. ئینجا لە 'مینا'وە بەڕێ دەکەوێت بۆ (عقبة الکبری) بۆ هاویشتنی حەوت (٧) بەرد، کە کاتەکەی لەدوای ڕۆژهەڵاتنەوەیە و لەگەڵ هاویشتنی هەر

---

[١] (زوال): ئەو کاتەیە کە ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمانە؛ واتا پێش داخلبوونی نوێژی نیوەڕۆیە.

[٢] کێوی (الرحمة): سوننەتە لە بناری کێوەکە دەست بەرز بکەیتەوە و ڕوو لە قیبلە ڕاوەستیت بۆ دوعاکردن، بەڵام سەرکەوتن و تەوافکردن لەسەر لووتکەی کێوەکە دروست نییە.

[٣] (مشعرالحرام): ڕای زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەیە کە هەموو (مزدلفة) دەگرێتەوە؛ بە ڕای هەندێکیان کێوی (قزح)ە و بە ڕای هەندێك لە زانایانی دیکەش مزگەوتی (مشعرالحرام)ە لە (مزدلفة).

[٤] (محسر): زانایان ڕایان وایە کە خوای پەروەردگار (أصحاب الفیل)ی لەم دۆڵەدا تەفروتونا کرد؛ بۆیە لەو شوێنانەی کە بێباوەڕانی لێ سزا درابوو، پێغەمبەر (صلی الله علیە وعلی آلە وسلم) بەخێرایی لێی تێپەڕ دەبوو.

www.dangiislam.org

بەردێک دەڵێت: (بسم الله، الله اكبر). پاشان لە (مینا) یان لە (مكة) قوربانی دەكات و دەتوانێت هەر ڕۆژێک لە ڕۆژانی (تشريق) ئەو قوربانییە بكات. ئەگەر پارەی قوربانی نەبوو، دەبێ سێ (٣) ڕۆژ لە كاتی حەجكردن بەڕۆژوو بێت و حەوت (٧) ڕۆژیش كە گەڕاوە ماڵی خۆی. پاشان سەری خۆی جوان دەتاشێت؛ بۆ ئافرەتیش بە ئەندازەی سەری پەنجە پرچی خۆی قوت (قطع) دەكات. كەواتە سوننەتە لەم ڕۆژەدا بە ڕیز (ترتيب) ئەم كارانە بكات. مەبەستیش لە ڕیز (ترتيب) یەک-لەدوای-یەک-كردنی ئەم كارانەی خوارەوەیە:

١- هاوێشتنی حەوت (٧) بەرد بۆ (عقبة الكبرى)            ٢- سەربڕینی قوربانی  ٣- سەرتاشین یان كورتكردنەوە (هەڵبەتە تاشین باشترە)      ٤- تەوافی ئیفازە.

ئەگەر بەهەڵە ئەمانەی پاشوپێش خست، هەر دروستە و هیچی لەسەر نییە، بەڵام خێری ئەفزەلییەت (أفضلية)ی لەدەست داوە.

## گەڕانەوە بۆ (مكة) بۆ تەوافی ئیفازە (طواف الإفاضة)

پاشان دەگەڕێتەوە بۆ (مكة) بۆ تەوافی ئیفازە، كە پێک هاتووە لە حەوت (٧) خول سووڕان بەدەوری كەعبەدا و حەوت (٧) خول بۆ (الصفا والمروة) هەروەكوو لەپێشەوە لە (طواف القدوم)دا باسی لێوە كرا. سەبارەت بە سەرەتای كات و دواكاتی ئەم تەوافە بیروڕای جیاوازی لەسەرە؛ بەڵام باشترین كات ئەوەیە كە لە ڕۆژی دەیەمی (ذو الحجة)دا جێبەجێ بكرێت. كەچی هەندێک لە زانایان دەڵێن دەتوانێت ئەو (طواف)ە دوا بخات تاكوو دوارۆژی (تشريق). ئینجا بە تەواوكردنی ئەم تەوافە هەموو شتێكی بۆ حەڵاڵ دەبێت كە پێشتر بە ئیحرامبەستن لێی حەرام كرابوو. سەبارەت بە ئافرەتیش لە كاتی بێنوێژیدا دەتوانێت هەموو كارەكانی حەج ئەنجام بدات تەنها (طواف) نەبێت، كە چاوەڕوان دەكات تاكوو خاوێن دەبێتەوە؛ ئینجا تەوافەكەش دەكات. بە كۆتاییهاتنی ئەم تەوافە، دەگەڕێتەوە بۆ 'مینا' بۆ مانەوەی شەوانی (تشريق) كە شەوانی (١١، ١٢، ١٣)ی مانگی (ذو الحجة)یە.

## ڕۆژانی (تشريق)

یەكەم ڕۆژی (تشريق) دەكاتە یانزەهەمین ڕۆژی (ذو الحجة)، كە دەبێت لەدوای (زوال)ەوە تاكوو شەو، بیستویەک (٢١) بەرد بهاوێژێت. بە ڕای جمهووری زانایان دروست نییە لەپێش (زوال)ەوە بەرد بهاوێژێت. ئەو بەردانەش دابەش دەبن بەسەر سێ (٣) شوێن كە هەر یەكێک لەمانە (٧) بەردی بۆ دەهاوێژرێت؛ كە لە (صغرى)وە دەستپێ دەكات، ئینجا (وسطى) و دوایی (عقبة الكبرى). دوای  هاوێشتنی بەردی (صغرى) و (وسطى)، كەمێک لە شوێنەكەی خۆی دوور دەكەوێتەوە و ڕوو لە قیبلە دەكات و دەست بەرز دەكاتەوە بۆ دوعا و پاڕانەوە لە خوای



www.dangiislam.org

پەروەردگار. بەڵام لەدوای (عقبة الكبرى) دوعا ناكات و یەكسەر دەڕوات. هەر بەردێكیش كە نەكەوێتە ناو حەوزەكە، ئەوە حیساب ناكرێت؛ ئەو بەردانەی كە دەیهاوژێت پێویستە بكەوێتە ناو حەوزەكە، ئەگینا دەبێ بەردێكی دیكە بهاوێژێت. پاشان لە ڕۆژی دوانزەهەمدا هەمان كردار و ئیش دەكاتەوە كە لە ڕۆژی یانزەهەمدا كردبووی. ئینجا لەدوای ئەوە ئەگەر حەزی كرد كۆتایی بە بەردهاویشتن دەهێنێت و 'مینا' بەجێ دەهێڵێت و دەبێ لەپێش ڕۆژئاوابوون بگەڕێتەوە بۆ (مكة)؛ ئەگەر لەپاش ڕۆژئاوابوون لە (مینا) دەرنەچووبوو، دەبێ ئەو شەوەش هەر لە (مینا) بمێنێتەوە و بۆ بەیانییەكەی كە دەكاتە سیانزەهەمی (ذو الحجة) هەمان كاروباری بەردهاویشتن دووبارە بكاتەوە. دەشتوانێت بە ویستی خۆی بمێنێتەوە لە 'مینا' بۆ بەردهاویشتنی ڕۆژی سیانزەهەمی (ذو الحجة) كە خێر و پاداشتی زۆرترە.

## تەوافی (وداع) بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ مەفتەن (موطن)ی خۆی

بەم تەوافە كۆتایی بە كاروباری حەج دێت، كە پێش ئەوەی (مكة) بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی جێبەجێی دەكات. بەڵام بەنیسبەت ژنی بێنوێژ (حائض) ڕوخسەتی هەیە كە تەوافی (وداع) نەكات.

هەروەها سوننەتە زیارەتی مزگەوتی پێغەمبەر (صلى الله علیه وعلى آله وسلم) لە شاری (مدینة) بكات؛ ئەم زیارەتەش لە ڕێوڕەسمەكان (مناسك)ی حەج نییە وەكوو هەندێك كەس وای تێدەگەن. پاشان ئەگەر لە توانایدا هەبوو، پاش گەیشتنەوەی بۆ وڵاتی خۆی دەتوانێت حەیوانێك سەر ببڕێت بە خێری خۆی و خاوخێزانی.

www.dangiislam.org دەنگی ئیسلام

## پاشکۆی ڕێوڕەسمەکان (مناسک)ی حەج

## قەدەغەلێکراوەکانی کاتی ئیحرام

لە خوارەوە باسی ئەو حاڵەتانە دەکەین کە لە کاتی ئیحرام قەدەغەن و نابێ بکرێن.

**یەکەم: ئەو حاڵەتەی کە حەج بەتاڵ دەکاتەوە**

ئەمەحاڵەتەش تەنها یەک حاڵەتە کە جووتبوونی ژن و مێردە؛ واتە(جماع). هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) لەوانە (إبن عمر، إبن عمرو، إبن عباس) -خوالێیان ڕازی بێت- هاودەنگن لەسەر ئەوەی ئەگەر پیاوێک لەپێش (تحلل الأول)ەوە لەگەڵ خێزانەکەی جووت بێت، ئەوە هەردووکیان گوناهبار دەبن و حەجەکەشیان بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێت ئەو حەجەش تەواو بکەن هەر چەندە باتاڵ بووەتەوە؛ هەەوەها دەبێ ساڵی دواتریش حەج بکەنەوە و قوربانیش بدەن. بەڵام بە ڕای هەندێک لە زانایانی تر ئەو جووتبوونە لەدوای هاویشتنی بەردی (عقبةالكبرى)وە حەجەکەیان بەتاڵ ناکاتەوە و ئیمامی "شافعی"ش لەسەر ئەم ڕایەیە. کەچی بە ڕای (أبو حنيفة) و قەولێکی دیکەی (إبن عباس) ئەو جووتبوونە ئەگەر لەدوای(عرفة) بێت، حەج بەتاڵ ناکاتەوە. هەروەها ئەگەر پیاوەکە زۆری لە ژنەکەی کرد و بەبێ ڕازیبوونی ژنەکەی (جماع)ی لەگەڵ کرد، ئەوا ژنەکەی گوناهبار نابێت و حەجەکەشی تەواوە و قوربانیشی لەسەر واجب نابێت. هەروەها لەکاتی لەبیرچوون، حەجەکەیان بەتاڵ نابێتەوە و قوربانیشیان لەسەر واجب نابێت.

**دووەم: ئەو حاڵەتانەی کە قەدەغەن بەڵام حەج بەتاڵ ناکەنەوە**

١ـ لەبەرکردنی جلوبەرگی دوراو بۆ پیاوان قەدەغەیە، هەروەها بۆ ئاسانکاری لە (إبن عباس) – خوا لێی ڕازی بێت- دەگێڕدرێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وعلى آله وسلم) فەرموویەتی: "**من لم يجد الإزار فليلبس السراويل، ومن لم يجد النعلين فليلبس الخفين**." [بخارى ومسلم].

٢ـ داپۆشینی سەری پیاوان بە کڵاو یان بە مێزەر (عمامة) یان بە هەر شتێکی تر قەدەغەیە.

٣ـ بەکارهێنانی (نقاب) و دەسکێش بۆ ئافرەتان قەدەغەیە.

٤ـ بەکارهێنانی عەتر و بۆنی خۆش لەسەر جلک و لەشی خۆی قەدەغەیە.

٥ـ سەرتاشین قەدەغەیە؛ ئەگەر زەرەرمەند بوو بە نەتاشینی بە هەر هۆیەک، دروستە بۆی کە پرچی بتاشێت و (فدية)یەک بدات.

٦ـ نینۆککردن قەدەغەیە، بەڵام ئەگەر نینۆکی شکا، دروستە نینۆکە کە لابات.

www.dangislam.org

٧ـ كاركردن لەسەر پێشەكییەكانی(جماع) قەدەغەیە؛ (نووی) دەڵێت كە نزیكبوونەوەی بە شەهوەتەوە لەپێش كاتی ئیحرام قەدەغەیە و حەرامە وەكو وماچكردن یان دەستلێدان یان خۆلێخشاندن. ئیمامی مالیک دەڵێت ئەگەر تەنها ماچی كرد و بە زەوق و لەزەتەوە (مباشرة)ی كرد و هیچ شتێكی تر ڕووی نەدا وەكوو (إنزال المني) و(ولوج)، دەبێ هەر قوربانی بدات. (إبن حزم) دەڵێت هەموو ئەوانە دروستە تەنها (جماع) نەبێت، چونكە (الرفث) تەنها مانای (جماع) دەگرێتەوە و بەس.

٨ـ بەدەستگیرانیكردن.

٩ـ مارەكردنی ژن (عقد الزواج).

١٠ـ ڕاوكردنی حەیوانی كێوی قەدەغەیە؛ واتە ئەگەر بە دەستی خۆت ڕاوت كرد یاخود یارمەتیی ڕاوكەرێكی دیكەت دا بە ئیشارەت تاكوو نێچیرەكە ببینێت یان بە هەر شێوەیەكی تری یارمەتیدان، ئەوە قەدەغەیە؛ ئایەتی ژمارە (٩٥) لە سوورەتی (المائدة) ئاماژە بەوە دەكات كە هەركەسێک ئەو كارە قەدەغەكراوەی كرد، دەبێت یەكێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵبژێرێت ئنجا هەژار بێت یاخود دەوڵەمەند هیچ جیاوازییەكی نییە. ئەو حاڵەتانەش ئەمانەن:

١ـ دەبێ هاوشێوەی ئەو نێچیرەی ڕاوی كردووە، بكاتە قوربانی و بەسەر هەژارەكانی (حرم)ی دابەش بكات. دەشتوانێت لە هەركاتێک ئەم قوربانییە بكات. مەبەستیش لە "هاوشێوە" نرخەكەی نییە، بەڵكوو هاوشێوەی لە شێوە، ڕوخسار و خوو (شكل، صورة وخلقة)یدا. هاوەڵانی پێغەمبەریش -خوایان لێ ڕازی بێت- بە دووروودرێژی هەموو جۆرەكانیان باس كردووە بۆ هەركەسێک بیەوێت زیاتر لەم بابەتە بزانێت.

٢ـ بە قەدەر نرخی نێچیرەكە، خواردن بۆ هەژاران بكڕێت و دابەشی بكات بەسەریاندا.

٣ـ یاخود لە جیاتی ئەو دوو حاڵەتەی كە لە سەرەوە باسمان كرد، با بەڕۆژوو بێت و دەتوانێت لە هەرشوێنێک بێت، حاڵەتی دووەم و سێیەم جێبەجێ بكات. بەڵام ئەگەر كۆمەڵێک بەیەكەوە بەشدارییان كرد لە ڕاوكردن، ئەوە دەبێ تەنها حاڵەتی یەكەم هەڵبژێرن و لەجیاتی هەموویاندا یەک قوربانی دەكەن. (جمهور)ی زانایان وەكوو (أبو حنیفة، مالک و شافعي) لەسەر ئەو ڕایەن كە حوكمی لەبیرچوونیش (الناسي) هەروەكوو حوكمی ئەنقەست (العامد)ە، بەڵام (إبن حزم) دەڵێت ئەوەی لەبیری چوويێتەوە گوناهبار نابێت و هیچی لەسەر نییە؛ ئەم بۆچوونەشی لە (عمر بن الخطاب، عبدالرحمن بن عوف، إبن عباس، سعد إبن جبیر، عطا، مجاهد) وهتد...ەوە گێڕاوەتەوە.

www.dangislam.org دەنگی ئیسلام

## ئەو گیانلەبەرانە چین کە دروستە ڕاو بکرێن یان بکوژرێن لە ئیحرامدا؟

١ـ سەربڕینی ئاژەڵەماڵییەکان دروستە لە کاتی ئیحرام، بەڵکوو تەنها سەربڕینی ئاژەڵە کێوییەکان قەدەغەیە لەم کاتەدا.

٢ـ ڕاوکردنی هەموو ئەو گیانلەبەرانەی لەناو دەریا و ڕووبارەکاندان.

٣ـ ئەو گیانلەبەرانەی کە زەرەر و زیانیان هەیە بۆ ئادەمیزاد؛ هەروەکوو دەقی ئەم فەرموودەیە لە دایکی بڕواداران (عائشة)ەوە -خوای لێ ڕازی بێت- دەگێڕدرێتەوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وعلی آله وسلم) وتوویەتی: "خمس فواسق تقتلن فی الحل والحرم، الغراب، والحدأة، والعقرب، والفأرة، والكلب عقور."

(شیخ الإسلام) دەڵێت کە کوشتنی هەموو ئەو گیانلەبەرانەی زیانی گیانی یاخود زیانی ماڵی بە موسوڵمانان دەگەیەنن، دروستە؛ هەروەها کوشتنی کێچ، ئەسپێ، مێشوولە و هتد...).

٤ـ کوشتنی ئەو گیانلەبەرانەی کە خواردنیان حەرامە؛ بە ڕای ئیمامی شافعی و (قول)ێکی ئیمامی ئەحمەد دروستە، چونکە ئەو گیانلەبەرانە قیمەتیان نییە و ڕاو ناکرێن. بەڵام ڕای (جمهور)ی زانایان ئەوەیە کە دەبێ (فدیة)ی لەسەر بدرێت.

## ئەو کارانەی لە کاتی ئیحرام دروستن

١ـ خۆشۆردن هەرچەندە لەبەر لەشگرانیش نەبێت. هەروەها گۆڕینی جلوبەرگی ئیحرام.

٢ـ شانەکردنی پرچ دروستە بەو مەرجەی دڵنیا بێت کە پرچی هەڵناوەرێت. لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر دڵنیا نەبوو، ئەوە جێگای مشتومڕە لەنێوان زانایاندا.

٣ـ خوراندنی سەر و پرچ و لەشی.

٤ـ بۆنکردنی ڕێحانە و عەتر بۆ پێویستی نەک بۆ لەزەتلێبردن؛ زانایان دەڵێن بۆنکردنی عەتر و بۆنی خۆش سێ (٣) حاڵەتی هەیە:

**یەکەم**: بەبێ مەبەست (قصد) بۆنی دەکات، ئەوە هیچی لەسەر نییەو دروستە.

**دووەم**: بەئەنقەست بۆنی دەکات، بەڵام بۆ لەزەت نییە بەڵکوو بۆ پێویستییە وەکوو دەیەوێت بۆنەکە تاقی بکاتەوە و بزانێ چۆنە، ئەمەش دروستە.

**سێیەم**: ئەگەر بە نیازی لەزەتکردن بۆنی بکات بەگوێرەی وتە (قول)ی زۆر لە زانایان دروست نییە و هەندێک دەڵێن لەو کاتەش هەر دروستە چونکە بەکارهێنانی عەتر نییە و لەسەر جلک و لەشی نامێنێت.

٥ـ ئەگەر نینۆکی شکا، دەتوانێت بیکات و لایبات.

٦ـ ئافرەت دەتوانێت دەموچاوی خۆی داپۆشێت؛ واتە بە قوماشێک لە سەریەوە شۆڕ بکاتەوە بۆ سەر دەموچاوی کە پێی دەگوترێت (إسدال)، بەڵام بەستنەوەی بە دەموچاوییەوە دروست نییە

www.dangiislam.org دەنگی ئیسلام

که پێی دەوترێت (نقاب): لە ئەسمائی کچی ئەبووبەکر دەگێردرێتەوە: "كنا نغطي وجوهنا من الرجال، وكنا نمشط قبل ذلک في الإحرام." [أخرجه الحاكم في المستدرک بإسناد الصحيح].

٧- ئافرەت دەتوانێت هەر جلێک لەبەر بکات، مادام مەرجەکانی جلی شەرعیی لەسەر جێبەجێ بووە.

٨- بە ڕای هەندێک لە زانایان دروستە بۆ ئافرەت خەنە بەکار بهێنێت و زێڕ بەخۆیەوە بکات، بەڵام زێڕی شوهرەت نەبێت. هەندێکیش لە زانایان دەڵێن دروست نییە.

٩- بە ڕای هەندێک لە زانایان کل لەچاوکردن دروستە بەو مەرجەی کلەکە بۆندار نەبێت و خاوەنەکەی پێویستی پێی بێت لەبەر ئازار و ژانی چاوی. هەندێکیش لە زانایان دەڵێن دروست نییە.

١٠- سێبەرێک دروست بکەیت بۆ خۆت لەبەر گەرمای تیشکی ڕۆژ. ئینجا بە چەتر یاخود لەناو سەیارە بێت وهتد...

١١- بەکارهێنانی پشتێن (حزام) یاخود (الهميان) بۆ هەڵگرتنی پارە و پووڵ دروستە. هەروەها لەدەستکردنی سەعات و ئەنگوستیلە و لەچاوکردنی چاویلکە.

١٢- کوشتنی ئەو گیانلەبەرانەی کە زەرەر و زیانی ماڵی و گیانی بە ئادەمیزاد دەگەیەنن.

لە کۆتاییشدا لە خوای پەروەردگار داواکارین هەموو کردەوەی چاک و عیبادەتێکمان لێ قبووڵ بکات؛ هەم لە ئێمە و هەم لە ئێوەش!

www.dangislam.org

# پاشکۆی وێنەکانی حەج و عومرە












































لا بأس بنشرها لما فيها من التعليم والفائدة
قاله عبد الله الجبرين
١٤٢٧/٨/٢٠هـ

عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين

